لەم ژمارەیەدا
ل3 کێشەکانی کوردستان جافەری یا مالیکی نین
ل4 گەڕانەوە بۆ کوردستان گەڕانەوە بۆ تاراوگەیەکی دیکە
ل5 لاوان لەبەرامبەر چەمکی نیشتیمان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا
ل7 پەیوەندی نێوان فەلسەفەو مێژوو

ڕۆژی گەل
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (147) یەکشەممە 2006/4/30

## بەڕێز جەنابی مام جەلال، سەرکۆماری عێراقی فیدرال

سڵاوی رزگاریی‌و سەرخۆبوون!

بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی بەڕێزتان بۆ سەرکۆماری عێراق بەناوی خۆم‌و هەڤالانم لەمەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان پڕ بەدڵ پیرۆزباهی لەبەڕێزتان دەکەم، لەڕێگەی بەڕێزیشتانەوە پیرۆزباهی گەرم پێشکەش بەگەلی کوردستان‌و بەگەلی عێراق دەکەم.

وێڕای ئەوەی ئێمە دڵنیایین بەڕێزتان لەسەرخستن‌و دەربازکردنی وڵات لەم قۆناغە سەختەی کە تێی کەوتووە، سەرکەوتوو دەبن، کەچی دیسانەوە هیوای سەرکەوتن‌و تەمەن درێژی‌و سەروەری بۆ بەڕێزتان دەخوازین. چاوەڕوانین لەماوەی سەرۆکایەتی بەڕێزتاندا وڵاتی عێراق هەنگاوەکانی بە دیموکراتیزەکردن تەواوبکات‌و یەکسانی‌و وەکهەڤی بۆ تەواوی نەتەوەکانی دەستەبەربکات‌و ڕێگە لەبەردەم پیادەکردنی مافی چارەنووسی گەلان بکاتەوە.

لەگەڵ ڕێزمدا

ڕێکار ئەحمەد
سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان
2006-4-23

# لاگەندیک: ئۆپەراسیۆن چارەسەر نیە، دەبێ کێشەکە چارەسەر بکرێ



جۆست لاگەندیک بەرپرسی پەیوەندیەکانی بەرئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا، هەروەها ریستینا ناگی وتەبێژی کۆمیسیۆنی بەرپرساریی لەفراوانکردنی یەکێتی ئەوروپادا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورک چارەسەری کێشەکان ناکەن.

لاگەندیک لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵنێری فرات ڕایگەیاند: ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک کە بە بەشداری سەدان هەزار سەرباز لەسەر سنووری نێوان کوردستانی فیدرال‌و تورکیادا، دەستی پێکردووە، چارەسەری کێشەی کورد بەدوای خۆیەوە ناهێنێت. ناوبراو دووپاتی کردەوە: چارەسەر لەڕێبازی سیاسیدایە، کەچی کاربەدەستانی تورک دەڵێن ئەوە ئۆپەراسیۆنێکی ئاساییە، بەڵام ئێمە پێمانوایە بۆ 5 هەزار چەکداری کورد، پێویست بە ڕەوانە کردنی دووسەد هەزار سەرباز ناکات.

لاگەندیک سەبارەت بەیاسای دژە تیرۆر کە پارتی عەدالەت‌و گەشەپێدانی تورکیا بڕیاری لەسەر داوە گوتی: ئاستەنگ کردنی ئازادی لەپەنای تێکۆشانی دژ بەتیرۆر ناشارێتەوە، دەبێ حکومەتی ئەنقەرە ڕاستی هەبوونی نەتەوەی کورد قەبوڵ بکات‌و کێشەکەش چارەسەر بکات.

لەلایەکی دیکەوە، هەر سەبارەت بەهەمان کێشە، کریستینا لاگی ڕایگەیاند: دەبێ تورکیا ڕێز لەپێوانەکانی سیاسی ئەوروپا، ئازادی بیروڕاو مافی مرۆڤ بگرێ، دەبێ مافی نەتەوەکان پەسند بکات، بۆ ئەوەی لەنێو ماڵی ئەوروپای گەورەدا جێگەی بکرێتەوە.

## کریك رابەرتتز:
# ئیدی ئەمریکا هێزی یەکانەی جیهان نیە

پۆل گریك رابەرتتز یەکێ لەئەندامانی پێشووی دەوڵەتی ئەمریکا کە لەسەردەمی ڕۆناڵد ڕێگاندا بەرپرسیاریەتی هەبووە، ڕۆژی 2006/4/28 لەپێگەی ئینتەرنێتی کانتەر پانچدا بڵاوی کردۆتەوە ئێستا وڵاتانی جیهان لەدژی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا یەکیان گرتووەو ئیتر واشنگتۆن هێزی یەکانەی جیهان نیە. لەدەستپێکدا ناوبراو ڕەوشی ئابووری ئەمریکای لەسەردەمی سەرۆك بوشدا خستۆتە ژێر پرسیارەو نووسیویەتی:

حکومەتی ئەمریکا قەرزاری خەڵکی وڵاتەکەیەتی، ڕەوشی دارایی بەرەو پوکانەوە دەڕوا. داشکانی بازرگانی ئەمریکا لەساڵی ڕابردوودا دەیان ملیارد دۆلار بووە، لەوانەیە لەم ساڵەدا خراپتریش ببێ.

## ڕۆژەڤ

دواخستنی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی دووچاری دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانی کردۆتەوە، هەرچەندە ئەمجارەیان جگە لەپێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەماوەتەوە، هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانیش جەخت لەسەر هاوڕایی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەکەنەوە، بەڵام دیسانەوە خۆگنخاندن‌و دواخستن بەلاوازی متمانە بەیەکترو ئامادەنەبوون بۆ کەمکردنەوەی دەستەڵاتی حزب لێکدەدرێتەوە، ئەگەرنا دەبوایە زۆر لەمێژەوە ئەو کابینەیە دەستبەکاربووایە. دەستنیشانکردنی وەزیرەکان‌و متمانە پێدانیان لەلایەن پەرلەمانەوە تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم دەخایەنێ‌و ئەو چاوەڕوانیەش دوایی دێ، لێ هەنگاوهەڵگرتنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان‌و ریشەکێشکردنی تەنگژەو قەیرانەکان کاتێکی زۆریان دەوێ‌و سەدان پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە. ئەگەر تەنگژەو قەیرانەکان ریزبەندی بکرێن، دەبێ بە خەڵکیکردنی حکومەت لەپێشترینیان بێ‌و لەدوای ئەویشەوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی‌و کۆتاکردنی قەیرانەکانی وەك سووتەمەنی‌و گرانی بازاڕو نیشتەجێبوون چاوەڕوان بین. ئەگەر ئەمجارەیان حکومەتی هەرێم لەدەست حزب دەرنەهێنرێ‌و وەك سفرەیەکی ئامادەکراو پێشکەش بە گەل نەکرێ، ڕەنگە ڕامانی جیاوازو بۆچوونی دژ بەیەك سەرهەڵبدەن‌و لەدوا وێستگەدا خەڵکی ناچار بن بەشێوازێکی دیکە بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان تێبکۆشن.

ئەگەر جاران پێکنەهێنانی حکومەت لەبەغداد شرۆڤەو لێکتێنەگەیشتنی جۆراوجۆری بۆ دواخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنایە پێشەوە، ئەمڕۆ ئەو بۆچوونەش کۆتاکراوە، ناکرێ پاساوی پەلەکردن یان دواخستنی بخرێتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. بەهەر خوێندنەوەیەك لەپێکهێنانی حکومەتی هەرێم بڕوانین، لەبەرژەوەندی کوردستانیان دایەو بەدەستکەوتێکی گرنگ دەنرخێندرێ. دەکرێ مەرجی سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لەپێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوودا ببینینەوە، بۆیە بەمەبەستی پەکخستن، دوژمنانی گەل لەهەرچوارلاوە لەشکر کۆدەکەنەوەو خۆیان بۆ پێشڕەوی ئامادە دەکەن. حکومەتی ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەوانەیە تیشکی سەوز بەتورکیا بدات‌و لەئاست لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان‌و گورز وەشاندن لەگەریلاکانی پەکەکە چاو دابخات. تورکیا بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەرخۆی زۆر لێبڕاوانە هانی لایەنگرانی خۆی‌و میلیشیا چەکدارەکانیان دەدات تا بەرەو کەرکوك بکشێن‌و بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نەتەوەکان دەست بەکاربن. دەوڵەتانی عەرەبی بۆ ئەوەی گوشاری دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمریکا لەپێوەندی هاوکاریکردنی تیرۆر لەخۆیان دوور بخەنەوە زۆر زیرەکانە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان کوردو عەرەب لەپارێزگاری موسڵ‌و کەرکوك کار دەکەن. تەنانەت کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بۆ دوورخستنەوەی گوشارەکانی سەری خۆی دوور نیە ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ تورکیادا ئیمزای کردوون بخاتە واری کرداریەوە. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ‌و چارەنووسساز ڕووبەڕووی لایەنە سیاسیەکان‌و جەماوەری کوردستان دەبێتەوە، ئەگەر یەکێتی ریزەکان بەهێزو پتەو نەکرێ‌و لەسەنگەرێکدا کۆنەبینەوەو بەرپەرچی دوژمن‌و داگیرکەران نەدرێتەوە، چ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا هەیە؟!. ئایا ڕەوایە حکومەت‌و دەستکەوتەکان پاوان بکرێن‌و خەڵکی دەرەوەی دەستەڵاتداران هەروەك پێشوو بێبەش‌و مافزەوتکراو بمێننەوە؟!. ئێمە بەهیواوە لەئاسۆی داهاتوو دەڕوانین‌و لەو باوەڕەشداین ئەگەر حکومەتێکی یەکگرتووی خاوەن بڕیاری سەربەخۆ پێکبێت‌و بەیەك چاو لەسەرجەم توێژو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بڕوانێ، بەزوویی لەسەر لووتکەی ئاواتەکانمان ڕادەوەستین‌و ئاڵای ڕزگاری یەکجارەکی هەڵدەکەین.

# تیرۆریستان نایانەوێ کاڵای ئێرانی بێتە عێراق

بەگوێرەی قسەی هەندێ لەبازرگانان‌و دوکاندارەکانی شارەکانی بەغدا، سەلاحەدین، دیالە، موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆریستەوە ئاگادارکراونەتەوە کە نابێ کاڵای ئێرانی بفرۆشن، ئەگەر بێت‌و لەسەر ئەو کارە بەردەوامبن خۆیان تێیدا بەرپرسیار دەبن‌و ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەك لەمەوبەر گروپە تیرۆریستیەکان داوایان لەخەڵکی عێراق دەکرد کە ڕێگەنەدەن کاڵای ئیسرائیلی‌و ئەمریکی بێتە ناو عێراقەوە، هەروەها لێبڕاوانە جەختیان لەسەر حەرام بوونی ئەو کاڵایانە دەکردەوە، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە سەبارەت بە کاڵای ئێرانی هەڕەشەی لەم بابەتە بکرێت. ئەوەی شیاوی باسە ئێران سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ عێراقدا هەیەو بەئاسانی کاڵاکانی دەهێندرێنە عێراقەوە، هەروەها بە بەراورد لەگەڵ کاڵای وڵاتانی دیکەدا هەرزانترن و لەلایەن خەڵکیشەوە باشتر پێشوازییان لێدەکرێ. هەندێك لەچاودێران ئەم تەنگژەیە بۆ پێکنەهێنانی حکومەت دەگێڕنەوەو پێیانوایە هەندێ گروپی تیرۆریست توانیویانە بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك سوود لە قەیرانی نەبوونی دەستەڵات وەربگرن، بەڵام ئەگەر کابینەی نوێ پێکبهێنرێت لەوانەیە ئەو گروپانە بەیەکجاری دەستەڵات لەدەست بدەن‌و لەبیربچنەوە.

# ئەحمەدی نەژاد: لەکاتێکی نزیکدا دەبینە زلهێزێکی جیهان



مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بەپەرەدان‌و پیتاندنی یۆرانیۆم، گوتی: ئەگەر بێت‌و باوەڕمان بەکارو تواناکانی خۆمان هەبێت، ئەوا ڕەنگە کۆماری ئیسلامی ئێران لەکاتێکی نزیکدا ببێتە زلهێزێکی جیهان‌و هیچ هێزێکی دیکەی پێ بەراورد نەکرێ.

ناوبراو لەکاتێکدا ئەم لێدوانەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەی ڕاگەیاند کە حکومەتی ئێران مکوڕە لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو داواکارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندنی چەکی ناوەکی‌و هاوکاریکردنی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی.

ناوبراو دووپاتی کردەوە کە ئیتر ئێران پێویستی بەزیادکردنی چەك‌و هێزی سەربازی نەماوەو پێگەشیان لەجیهاندا بەرەو بەهێزبوون دەچێ.

شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر لەسەردانێکیدا بۆ شاری زەنجان سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران گوتبووی: بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانییەکان بە ڕادەیەك گرنگە، کە ڕەنگە بارودۆخی گشتی جیهان بگۆڕێت.

# دەیانەوێ وێنەی ئەتا تورك نەمێنێ

خوسرەو کوتلو پەرلەمانتاری تورکیا ئاشکرای کرد کە ئەو ساڵی ڕابردوو لەداخوازی نامەیەکدا داوای کردووە کە وێنەی کەمال ئەتا تورك لەنێو هۆڵی پەرلەماندا لابدرێت، بەتایبەتی ئەو وێنانەی کە بەجلوبەرگی سەربازییەوە گیراون. پەرلەمانتاری کورد خوسرەو کوتلو گوتی من مرۆڤێکی سۆزدارم‌و ئێستاش دووپات لەسەر خواستەکەی خۆم بۆ لابردنی وێنەی ئەتا تورك لەنێو پەرلەماندا دەکەمەوە. ئەوەی شیاوی باسە ئەمە یەکەمین جارە کەسێکی ناسراوی وڵاتی تورکیا جورئەت بکات‌و خواستێکی لەم بابەتە پێشنیار بکات. چونکە بەدرێژایی تەمەنی کۆماری تورکیا هەمیشە کەمال ئەتا تورك وەك دامەزرێنەری کۆمارو باوکی ڕۆحی نەتەوەی تورك سەیرکراوەو لەزۆربەی شوێنە گشتیەکاندا پەیکەری بۆ دروست کراوە. ئەم لێدوانەی خوسرەو کوتلو هەنگاوێکی نوێیەو ڕەنگە لەنێو ئازادیخوازانی تورکیاوە بەفراوانی پێشوازی لێبکرێت

